هاوڵاتی
A Private Weekly Issued By Ranj Print-Shop



# لەناوبردنی تیرۆر لەئاستە ناوخۆیی‌و نێو دەوڵەتییەکاندا

نووسینی: د. سەلاح عەزیز
و: دلاوەر حەیدەر

دەرچوونی بڕیاری ژمارە (١٣٧٤)ی ئەنجوومەنی ئاسایش لە(٢٨ی) سێپتەمبەری ٢٠٠١دا تازە نەبوو لەئیدانەکردنی تیرۆرو بانگهێشتکردنی دەوڵەتانی ئەندام بۆ هاوکاری‌و لەناوبردنی، بەڵکو ئەوە تازە بوو کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ـ قوربانی تیرۆری یازدەی سێپتەمبەر ـ هەستا بەگۆڕینی سەرجەم هێزە سەربازی‌و توانا ئابووری‌و ئاسایشی‌و هاوپەیمانێتییە سیاسییەکان بەکارلێك کردن لەگەڵ بەندەکانی بڕیارەکەو ئەمەریکیان بەوە تاوانبار کرد کە سیاسەتێکی ئینتیقائی‌و خۆویستانە پەیڕەو دەکات لەجێبەجێکردنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکاندا، کە ئەوەش یارمەتی تیرۆر دەدات لەبری کۆنترۆڵکردنی بەم دواییانە ئەو تیشکانە کوردستانی عێراقیشیان گرتەوە پاش تیرۆر کردنی بەڕێز فرانسۆ هەریری لەهەولێرو هەوڵی تیرۆر کردنی د. بەرهەم ساڵح لەسلێمانی. هەندێك تیرۆری کوردستانیان بەستەوە بەتیرۆری نێودەوڵەتییەوە. تیرۆر چییە؟ شێوازی دەستبەسەراگرتنی چییە؟

**تیرۆر وەك دیاردەیەکی مێژوویی:** تیرۆر لەمێژوودا شێوەی کوشتنی سیاسی وەرگرتووە، ئاماژە بەگروپێك دەکرێت بەناوی حەشاشیەکان لەسەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا (١٠٤٧ ـ ١٢٩٦) کە کۆمەڵێکی تیرۆریستی بوون لەبەرئەوەی ژمارەیەك لەوالی‌و ئەمیرەکانیان کوشت. لەئەوروپادا تیرۆر لەسەدەی نۆزدەوە دەرکەوت. تیرۆرکردنی وەلی عەهدی نەمسا فیردیند دۆك لەساڵی ١٩١٤دا دادەنرێت بەهۆکارێکی سەرەکی هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی یەکەم.

لەسەدەی بیستدا شێوەی تیرۆر گۆڕدرا بەکۆمەڵە کردەوەیەکی چەتەگەری کە ئامانجی کوشتنی سومبولەکانی دەوڵەت‌و تێکشکاندنی دامەزراوە ئابوری‌و سەربازییەکان بوو. بەهۆی جیاوازی ئایدیۆلۆژییەوە ناولێنانی دیاردەی تیرۆریش جۆراوجۆر کەوتەوە.

ئەگەر شۆڕشەکە میللی بوایە بۆ کۆتاییهێنان بەسیستمی فەرمانڕەوایی کە ناودەبرا بەشۆڕشی سۆسیالیستی یان میللی‌و هێزە مارکسییەکان پشتگیریان لێکرد، بەناوبانگترین ئەو شۆڕشانە، شۆڕشی حیزبی شیوعی رووسی بوو کە یەکێتی سۆڤیتی دروستکردو شۆڕشی چینی‌و کوبی. ئەو کات دەوڵەتە ئەورووپییەکان سیفەتی تیرۆریان دایە پاڵ ئەو شۆڕشانەو سیستمی فەرمانڕەوایی لەجیهاندا یارمەتیدەر بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو شۆڕشانە.

سەرکەوتنی شۆڕشە چەکدارییەکان، یاخود بزووتنەوە سیاسییە چەکدارییەکان لەو وڵاتانەی کە ئاماژەمان پێکردن، یارمەتی بڵاوبوونەوەی توندوتیژی سیاسیدا کە ئەمەش بناغەی تیرۆرە. ئەوەی گرنگە باس بکرێت کە تیرۆر ـ وەك کۆمەڵگەلێکی رێکخراو ـ لەرێی رێکخراوەکانی جولەکەوە هاتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئامانجی کوشتنی بەریتانی‌و فەلەستینییەکان‌و دەرکردنیان بوو لەفەلەستین لەکاتی شەری جیهانی دووەم‌و کۆتاییدا. ئەو رێکخراوە تیرۆریستیانە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا لەهێنانەدی ئامانجەکەیان کە دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل بوو. سیفەتی تیرۆر درا بەسەر رێکخراوە ئازادی خوازەکانی وەك رێکخراوی نیشتمانی ئەفریقی (ANC)و رێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی (PLO)، پێش ئەوەی جیهان دانیان پیادا بنێت وەك رێکخراوێکی سیاسی، نوێنەری میللەتەکانیان (ANC) ئامانجەکانی هێنایەدی بەکۆتایی پێهێنانی دەوڵەتە رەگەزپەرستەکەی ئەفریقای باشوور. رێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی سەرکەوتنی بەدەستهێنا لەوەی ببێتە نوێنەری گەلی فەلەستینی وە سیفەتی چاودێری بەدەستبهێنێت لەئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

نەتەوە یەکگرتووەکان شوناسی تیرۆری بەسەر کۆمەڵە پرۆسەو کردەوەیەکدا سەپاند زیاد لەوە تاکەکان‌و کۆمەڵە تیرۆرییەکان دەستنیشان بکات.

لەبەرئەوە هەموو رفاندنێکی فڕۆکە یان کەشتی، تۆقاندنی نەفەرو رفاندنی دبلۆماسەکان‌و پیاوانی دەوڵەت، کووشتنی بێتوانان دادەنرێت بەکردەی تیرۆریستی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی داوای قەدەغەکردنیان دەکات.

ئەکادمییەکان هەردوو سیفەتی (تیرۆر "تیرۆری دژ") بەکاردەهێنن بۆ وەسفکردنی ئەو کردەوانە. ئەگەر دەوڵەت هەستابوو بەتیرۆر ئەوەی کە رێبەری بەرەنگاربوونەوە دەکات بەتیرۆریستی دژ لەقەڵەمی ( و پێچە، راستە. کردەوە تیرۆریستییەکان پۆلێن دەکرێت بەپێی سیفەتی ئەنجامدەرەکەی، دەکرێ تیرۆریست، دەوڵەت یان فەرمانڕەوای (حاکم) یان پارت، یاخود کۆمەڵێکی دیاریکراو لەخەڵك بێت. لەو ناولێنانەوە ریشەی تیرۆر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (ئەکەدی‌و سۆمەری)یەکان، واتە لەکاتی پێکهاتەی یەکەم دەوڵەتدا ـ دەوڵەتی شار..

**تیرۆری نوێ (الارهاب الحدیث):**

پێناسەیەکی دیاریکراو نییە بۆ تیرۆر، بەحوکمی جیاوازی دەوڵەتان‌و رێکخراوەکان‌و دیدگاکان. بچوکترین پێناسە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکاریهێنابێت بریتییە لە"تیرۆر یەکسانە بەتاوانەکانی جەنگ لەکاتی ئاشتیدا" هەوڵەکانی رێکخراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٣٧) کاتێك کۆمەڵەی نەتەوەکان ( ) ئەم پێناسەیەی بۆ "هەموو کردە تاوانکارییەکانە کە دژی دەوڵەت ئەنجام دەدرێت دەخوازێ‌و، یاخود دەبێتە هۆی حاڵەتێکی ترس لەناخی هەندێك کەسدا یاخود کۆمەڵێك لەخەڵك یاخود خەڵك بەگشتی".

لەساڵی (١٩٩٩)دا ئەو پێناسەیەی گۆڕی‌و فراوانتری کرد تا تیرۆر وای لێدێت ئەدرێت بەسەر ئەو کردە تاوانکاریانەی کە دەخوازێ، یاخود دەبێتە هۆی دروستکردنی حاڵەتێکی ترس لەناو خەڵکدا بەگشتی، کۆمەڵێك لەخەڵك، یاخود کۆمەڵێکی دیاریکراو لەخەڵك، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی، لەهەموو حاڵەتەکاندا بەکردەوەی ناڕەوا ـ غیر مشروع ـ دادەنرێت، بەچاوپۆشی کردن لەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی ئەوە، ئەگەر فاکتەرەکان لەسەر بنەمای سیاسی، فەلسەفی، رەگەزی، نەتەوەیی یاخود ئایینی بنیاتنرابن".

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەساڵی (١٩٩٦)دا هەستا بەبەکارهێنانی ئەم پێناسەیەی خوارەوە بۆ وەسفکردنی بکەرەکانیان بەتیرۆریست:

* مەبەست لەتیرۆر پرۆسەگەلێکی توندوتیژی ئامانجی سیاسییە، کە کۆمەڵانی ناسەربازی ( ) دەکاتە ئ ئەوەش بۆ هێنانەدی، یاخود دروستکردنی کاریگەری لەسەر کۆمەڵێکی دیاریکراو.

مەبەست لەتیرۆری نێودەوڵەتی ئەو تیرۆرەیە کە هاوڵاتییانی دەوڵەتێکی تر یاخود ئەوەی ژمارەیەك دەوڵەت بەکاریدەهێنن بۆ هێنانەدی.

* کۆمەڵە تیرۆریستییەکان ئەو کۆمەڵانەن، کە هەڵدەستن بەکردەی تیرۆریستی. هەموو ساڵێك وەزارەتی دەرەوە لێکۆڵینەوە لەلیستی رێکخراوە سیاسییەکان دەکات سیفاتی تیرۆریستی بەسەریاندا دەبڕێت، ئەگەر ئەو سیفاتانەیان تێدا بوو.

لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سیفاتی تیرۆریستی ئەدرێ بەسەر:

- حیزبوڵڵای لوبنانی.
- هەردوو رێکخراوی حەماس‌و جیهادی فەلەستینی.
- رێکخراو موجاهیدینی خەڵقی کوردستان.
- پارتی کرێکارانی کوردستان.

دەکرێ هەندێ سیفاتی هاوبەش هەبێت بۆ پرۆسە تیرۆریستییەکان، دواتر دابڕینی سیفەتی تیرۆریست بەسەر ئەنجامدەرەکەیدا:

١ـ بوونی کۆمەڵەیەك یان رێکخراوێك، یاخود پارتێك.
٢ـ بوونی ئامانجێکی سیاسی کە ئەو کۆمەڵەیە داوای دەکات.
٣ـ توندوتیژی بەکار دەهێنێ بۆ ترساندنی خەڵك‌و فشار خستنە سەر حکومەت.

سیفەتی تیرۆر دەدرێت بەسەریدا لەکاتی هاوبەشی کردنی چەند رەگەزێك لەژمارەیەك رەگەزنامە، یاخود کاتێك کۆمەڵێك هەڵدەستێ بەئەنجامدانی پرۆسەکانی لەدەرەوەی سنووری جوگرافیدا.

ئەو کردەوە تیرۆریستییانەی کە سیفاتی نێودەوڵەتی تێدا نییە دادەنرێت بەکردەوەگەلێکی ناوەکی کە لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت خۆیدایەو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەستی نێوەرنادات.

**لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی تیرۆری نێودەوڵەتی:** ئەنجوومەنی ئاسایش میکانیزمێکی بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە (١٣٧٣)و خشتەیەکی کاتی بۆ ئەندامان دانا بۆ جێبەجێ کردنی بەندەکانی بڕیارەکە. ئەمەریکا داوای کرد لەدەوڵەتانی ئەندام بۆ روونکردنەوەی هەڵوێستی خۆیان لەجێبەجێکردنی بڕسارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش‌و هاوکاریکردن لەگەڵیدا بۆ نەهێشتنی تیرۆر. وتەی سەرۆکی ئەمەریکا (جۆرج بۆش) "یا لەگەڵمانی یاخود لەگەڵ تیرۆر" مەیدان خواز ( )یەکی گەورە بۆ زۆر لەو دەوڵەتانەی دژی سیاسەتەکانی ئەمەریکا دەوەستن، بەڵام پشتگیری تیرۆریش ناکەن.

بڕیاری (١٣٧٣)ی نێودەوڵەتی ژمارەیەك بەندی لەخۆ گرت کە گرنگترینیان ئەو سێ بەندەن کە میکانیزمێك دادەنێن بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکە.

أـ وەستاندن‌و قەدەغەکردنی یارمەتی دارایی کردە تیرۆریستییەکان: ئەمەش تاوانبارکردنی هەر دەوڵەتێك یان کۆمەڵەیەك دەگرێتەوە کە یارمەتی کۆدەکاتەوە یاخود سەرمایە دەبەخشێتە هەر رێکخراوێك کە هەڵدەستێ بەئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی‌و، داوا لەهەموو دەوڵەتان دەکات کە هەموو موڵکدارییەکی رێکخراوە تیرۆریستییەکان بلۆك بکەن بەخاوەن بوونی هەر بنکەیەکی ئابووری لەهەر شوێنێك یان گواستنەوەی سەرمایە (پارە) لەجێیەکەوە بۆ جێیەکی تریان لێ قەدەغە بکرێت.

ب ـ وەستاندن‌و قەدەغەکردنی پشتگیری لۆجیستی: ئەمەش تاوانبارکردنی هەر دەوڵەتێك یان کۆمەڵەیەك دەگرێتەوە کە هەر جۆرێك لەجۆرەکانی پشتگیری راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پێشکەش بەکۆمەڵە تیرۆریستییەکان دەکات، یاخود پەناگەیەکیان بۆ فەراهەم دەکات.

ج ـ هاوکاری سیخوری: بڕیارەکە دەوڵەتانی ئەندام پابەند دەکات لەسەر هاوکاریکردن لەئاڵوگۆری زانیاری بەسیخورییەکان کە پەیوەستە بەبزاوت‌و موڵکدارییەکانی بزووتنەوە تیرۆریستییەکان‌و، داوا لەدەوڵەتان دەکات ئاگاداری پێشوەخت پێشکەش بکەن‌و چارەسەری گونجاویش بگرێتە بەر بۆ قەدەغەکردنی پەنابردنیان بۆ دەوڵەتانێك کە مافی پەنابەری سیاسییان پێببەخشێ.

هەروەها فەرمانێکی دەرکرد بەپێکهێنانی لیژنەیەکی سەر بەئەنجومەنی ئاسایش بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە. لیژنەکە داوای کرد کە راپۆرتێك پێشکەش بکرێت لەمەڕ ئەو هەنگاوانەی لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامەوە ئەیگرێتە بەر بۆجێبەجێکردنی بڕیارەکە لەماوەیەکدا لە(٩٠) رۆژ تێنەپەڕێت لەرۆژی دەرکردنی بڕیارەکەوە. بڕیارەکە داوای ئەوەش لەلیژنەکە دەکات کە بەرنامەیەکی کار دابنێ بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکە لەماوەی (٣٠) رۆژدا.

وڵاتە یەکگرتووەکان هەستا بەجێبەجێ کردنی بڕیارەکە بەشێوەیەکی ورد: داوای بەدەستەوەدانی ئەندامانی رێکخراوی (القاعده)ی لەحکومەتی تالیبان کرد. کاتێك حکومەت ئەوەی رەتکردەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان وای دانا کە حکومەتی تالیبان لەتاوانەکەدا بەشدارە، هەروەها بڕیارێکی نێودەوڵەتیشی ژێر پێ خستووە. هەروەها ئەمەریکا هەستا بەبلۆك کردنی پارەو داخستنی نووسینگەی هەموو ئەو رێکخراوانەی کە ناویان هەیە لەلیستی تیرۆری ئەمەریکیدا. مافیشی بەخۆیدا کە ئاستەنگ بخاتە بەردەم جموجوڵی زیاتر لەهەزار موسڵمان بەبێ رووبەڕووکردنەوەی تۆمەتێکی راشکاوانە بۆیان، یاخود بوونی بەڵگەیەك لەسەر پەیوەندییان بەرێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە. بەپێی ئەو لیستەی لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا هەیە هەندێ رێکخراوی تیرۆریستی هەن دەوڵەتان پشتگیرییان دەکەن، نموونە لەسەر ئەوە:

١ـ حیزبوڵڵا پشتگیری دەکرێت لەلایەن لوبنان‌و سوریا‌و ئێران.
٢ـ رێکخراوە فەلەستینییەکان: شەهیدەکانی ئەقسا ( حەماس، جیهاد، پشتگیری دەکرێن لەلایەن دەوڵەتە عەرەبییەکان‌و ئێرانەوە.
٣ـ رێکخراوی (موجاهیدین خەڵق) پشتگیری دەکرێت لەلایەن عێراقەوە.
٤ـ پارتی کرێکارانی کوردستان پشتگیری دەکرێت لەلایەن عێراق‌و سوریا‌و ئێرانەوە.

بەپێی رای وڵاتە یەکگرتووەکان‌و بەپێی ئەو بڕیارانەی ئاماژەیان پێکرا، ئەو دەتوانێت هەندێ بڕیاری پێویست بگرێتە بەر بەمەبەستی سزادانان لەسەر رێکخراوەکان‌و ئەو دەوڵەتانەی پشتگیرییان لێدەکەن بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش، بەڵام کێشەکە لەوە ئاڵۆزترە وەکو لەبڕگەی دواتردا دەبینرێت.

رێکخراوی کۆنگرەی دەوڵەتانی ئیسلامی بانگهێشتی کرد بۆ کۆبوونەوەیەکی تایبەت لە(کوالا لامپور) لە(١ـ٢٠٠٢/٤/٣) بۆ دیاریکردنی چەمکێکی (تێگەیشتنێکی) تایبەت بەتیرۆر لەدیدگای ئەوەوە.

سەرۆکی مالیزیا (د. مهازیر محەمەد) لەسەرەتای کۆنفراسەکەدا راشکاوانەی وتی: مەبەست لەتیرۆر "بریتییە لەهەموو پرۆسەیەك کە خەڵکی مەدەنی بەئامانج بگرێت" جگە لەوە بەیاننامەی کۆتایی جەختی کردەوە لەسەر مافی فەلەستینییەکان لەبەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری ئیسرائیلی (ئەمەش بەسەر حاڵەتە وێکچووەکانی ئەواد جێبەجێ دەبێت، د. محەمەد کردەوەی ئیسرائیلی‌و فەلەستینییەکانی بەیەك چواند لەرووی ئاکامەوە.

بڕیارەکە مەیدانیخوازییەکی گەورەیە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان‌و ئیسرائیل‌و سەرەڕای ئەوەی دەوڵەتە ئیسلامییەکان توانای جێبەجێکردنی بڕیارەکەیان نییە. کاتێك ئیسرائیل ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی فەلەستین داگیر دەکات. (کۆنفرانسی دەوڵەتە ئیسلامییەکان ناتوانێ هیچ یارمەتییەك بەکردەوە پێشکەش بەفەلەستینییەکان بکات بۆ بەرگری کردن لەخۆی. وڵاتە یەکگرتووەکان هەڵوێستێکی تەماشەکەرانەی گرتووەتە بەر سەبارەت بەئیدانەکردنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی کە ئیسرائیل پێی هەڵدەستێ. ژمارەیەك دەوڵەتی عەرەبی ئاماژە بەوە دەکەن کە هەڵوێستی ئەمەریکا بەرامبەر ئیسرائیل پشتگیری تیرۆر دەکات دژی خۆی‌و، بەڵگە دەدات بەکۆمەڵە تیرۆریستییەکان لەسەر جدی نەبوونی ئەمەریکا لەرێزگرتنیدا بۆ یاسا نێودەوڵەتییەکان. دەوڵەتە عەرەبییەکان لەژێر فشارێکی میللیدا هیچ ئەڵتەرناتیڤێکیان نییە جگە لەوەستانیان لەگەڵ گەلی فەلەستینی‌و پشتگیری کردنی بەرەنگارییەکەیان.

**چارەسەرکردنی دیاردەی تیرۆر:** هاوڕاییەکی گشتی هەیە لەنێوان سیاسییەکاندا لەسەر ئەوەی کە ناتوانرێ دەست بەسەر دیاردەی تیرۆردا بگیرێت، لەبەر ئەوە پێویستە چارەسەر بکرێت بەسیاسەت‌و دانایی‌و هێزو گوێزانەوەی لەدیاردەیەکی میللییەوە بۆ دیاردەیەکی تاکە کەسی (فرد)ی کە لەناوبردنی ئاسانتر دەکات، لێرەوە هەندێ پێشنیار هەیە یارمەتی کەمبوونەوەی دیاردەی تیرۆر دەدات:

أـ ناسینی تیرۆر: سیاسەتمەدارەکان تێکەڵاوییەك دەکەن لەنێوان تیرۆر بەمانای نوێ‌و دەستدرێژی کردنە سەر سیاسییەکان لەبەر فاکتەری حیزبی، یاخود کەسی، هەرچەندە کاراکتەرێکی هاوبەش هەیە لەسیفەتی هەردووکیاندا، بوونی کاراکتەرێکی (کۆمەڵە+ ئامانجی سیاسی + توندوتیژی) کارێکی گرنگە بۆ دابڕینی شوناسی تیرۆر هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆکی ئەمەریکی پێشوو (رۆناڵد ریگن) بەتیرۆر دانەنرا هەرچەندە تاوانبار فیشەکی نا بەسەرك (ریگن)ەوە.

دانانی تاوانێك بەتیرۆر هەندێ ئاکامی نێگەتیڤی ـ سلبی ـ لێ دەکەوێتەوە، پێچەوانەکەشی راستە. گرنگی پێناسەکردنی تیرۆر بەپێناسەیەکی ناوخۆیی لێرەوە دێت (بێگومان لەچوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا). یاساگەلێك دانراوە چارەسەری تیرۆر دەکات بەشێوەیەکی ورد.

هەڵەی حکومەت لەپێناسەکردن‌و دیاریکردنێکی ورد بۆ ئەنجامدەری پرۆسەی تیرۆر یارمەتی تیرۆریستەکان دەدات لەبری بچوککردنەوەیان.

بەڵام بەنیسبەت تیرۆری نێودەوڵەتییەوە، ئەوە بابەتێکی ئاڵۆزەو لەتوانای حکومەتی هەرێمدا نیە تەنها بەهاوڕایی نەبێت لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا بەحوکمی ئەوەی بەشێکە لەجیهانی ئیسلامی‌و کێشەکەشی لەرووی جەوهەرەوە جودا نیە لەکێشەی فەلەستینی‌و کشمیری.

ب ـ ناسینی فاکتەرەکانی تیرۆر: لەهەستانی کۆمەڵەیەك بەکردەی تیرۆر هیچ نیە جگە لەپێشاندانێکی سیاسی‌و بوونی ئامانجگەلێکی دیاریکراو. هەندێ بزوتنەوەی ئاشتیخواز هەیە لەدەوڵەتە عەرەبی‌و ئیسلامییەکاندا، بەڵام نەزانینی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا لەلایەن حکومەتەکانەوە وای کردووە کە جەماوەری ئەو بزووتنەوانە زیاد بکات‌و ئسلوبی تیرۆریستی بوو بەکردەیەکی سەرنج راکێش بۆ ئەوەی نوێ. هەر رێکخراوێکی تیرۆریستی خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی لەبەر ئەوە دیاریکردن‌و سەپاندن‌و کۆمەڵێ هۆکار بۆ دروستبوونیان هەروا کارێکی ئاسان نییە. بەڵام هەندێ پێشنیار لەم رووەوە هەیە:

١ـ پێکهاتەی حکومەت‌و یاساکانی: دروست بوونی حکومەتێك لەئاکامی شۆڕشی خوێناوی، یاخود کودەتای سەربازی، یاخود سەپاندنی لەدەرەوە هەمووی بەڵگەیە لەسەر لەدەستدانی رەوایەتی حکومەتەکە. دواتر نموونەیەك لەسەرکەوتنی توندوتیژی‌و هێز بۆ گەیشتن بەفەرمانڕەوایی دەدات بەدەستەوە. ئەمە ئۆپۆزسیۆن (یاخود خێڵ)یان بەشێك لەسوپا هاندەدات بۆ ئەنجامدانی کودەتایەکی تر، یاخود دەگۆڕدرێت بۆ هێرشگەلێکی تیرۆریستی بۆ کەمکردنەوەی هەیبەتی حکومەت. لەبەر ئەوە لەسەر حکومەتەکانە رەوایەتییەکی میللی دەستبخەن بۆ ئەوەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر شێوازێکی رەوا لەخۆ بگرێت.

هەروەها لەسەر حکومەتە یاساگەلێکی روون‌و ئاشکرا دەربکات بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر کۆمەڵگادا جێبەجێ بکرێت. بۆ نموونە ئەگەر کێشەیەك دژی حکومەت بوو بۆ ستەم لێکراو هەبێت سکاڵا بکات لای دادگا، لەبری وەرگرتنی مافەکە بەدەستی خۆی. ئەگەر ئەم حاڵەتە دووبارە بوویەوە دەبێتە دیاردەیەکی تیرۆریستی‌و دەوڵەت هانی گەشەکردنی داوەو ئەگەرچی پێچەوانەی ئەوەش راگەیەنێت.

٢ـ دیتنەوەی ئەڵتەرناتیڤی ئاشتیانە: بەحوکمی ئەوەی کە پرۆسە تیرۆریستییەکان لەبنەڕەتدا پرۆسەگەلێکی سیاسین، دیتنەوەی ئەڵتەرناتیڤی ئاشتیانە بۆ گوزارشتکردن لەرەتکردنەوەی سلوکی حکومەت، یاخود یاسا یان گەندەڵییەکان، ئەڵتەرناتیڤێکی لەبری پەنابردنە بەر هێز. لەبەر ئەوە لەسەر حکومەتە پەرلەمان‌و رۆژنامە هانبدات لەسەر هەستانیان بەلێپرسینەوەی حکومەت‌و چاودێری کردنی‌و بڵاوکردنەوەی رای خەڵکی بەئازادی، هەروەها رێگەدان بەخۆپیشاندانی ئاشتیانەو گوزارشت کردن لەنارەزاییەکان بەشێوەیەکی مەدەنی. نموونەیەك هەیە لەئیسپانیا کە رێکخراوی (باسك)ەو باشترین بەڵگەیە لەسەر سەرکەوتنی دیموکراسییەت‌و حکومەتی شەرعی لەکێشانەوەی پشتگیری میللی لەمەڕ رێکخراوەکە کەوای کردووە بەشێوەیەکی لەبەرچاو پەراوێز بکەوێت.

٣ـ کۆتایی هێنان بەمیلیشیای حیزبی‌و (خێڵ): دروستبوونی میلیشیای سەربازی حیزبی لەهەر دەوڵەتێکدا کارێکی سروشتییە کاتێك ئەو کۆمەڵگایە لەژێر داگیرکاری دەرەکیدا بێت‌و، پێکهێنانی میلیشیا جۆرێکە لەبەرگری کردن لەخود، بەڵام مەترسی لەوەدایە کە حکومەت توانای نەبێت بۆ زاڵ بوون بەسەر میلیشیاکاندا پاش کۆتای هاتنی باروذۆخی نائاسایی.

لەئەنجامدا ئەو میلیشیانە مەیدان خوازی (تحدی) دەسەڵاتی حکومەت‌و سەروەری دەکەن. میلیشیا ئەفغانییەکان ـ کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری سۆڤێتی دروست بوو ـ بوونە هۆکاری هەڵگیرسێنەری شەری ناوخۆی‌و وێران کردنی وڵات کە تا ئێستاش کۆتایی نەهاتووە. بوونی هێزێکی حکومەتی ناحیزبی کە هەست بەلێپرسراوێتی نیشتمانی بکات دیاردەی میلیشیای حیزبی کەم دەکاتەوە.

٤ـ وەستاندنی دەستێوەردانی دەرەکی: هەستانی دەوڵەتان بەیارمەتی دانی کۆمەڵە رێکخراوێك بۆ دەستێوەردانی کاروباری دەوڵەتێکی دی لەسەر ئاستی جیهانی رەتکراوەتەوە. وەك ئەوەی زانراوەو باوە دانانی ئێران لەلیستی دەوڵەتە تیرۆریستییەکاندایە لەبەر ئەوەیە کە پشتگیری حیزبوڵڵای لوبنانی‌و جیهادی فەلەستینی دەکات.

ئەوەی ئاشکرایە کە یارمەتیدانی دەوڵەتێك بۆ رێکخراوێکی سەربازی، وادەکات لەرێکخراوەکە کێ برکێ بکات لەداواکردنی یارمەتیدانی لەدەوڵەتێکی تر. زنجیرەی ئەو کێبرکێیانە دەمێنێتەوە، تاوەکو ئاگری شەری ناوخۆ هەڵدەگیرسێ‌و هەندێکیان دەگۆڕێن بەکۆمەڵەیەکی تیرۆریستی.

٥ـ دروستکردنی رۆشنبیرییەکی نا توندوتیژ: تیرۆر ئاکامی دیاردەی توندوتیژی سیاسییەوە، پێکدێن لەچوارچێوەی رۆشنبیری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا. لەبەر ئەوە گەرەکە حکومەت گەشەبدات بەرۆشنبیری نا توندوتیژ لەقۆناغەکانی یەکەمی فێرکردندا، تاوەکو هاوڵاتی بتوانێت لەگەورەییدا مومارەسەی بکات. رۆشنبیری نا توندوتیژ جودا ناکرێتەوە لەمەڕ ئەو چوار خاڵەی ئاماژەیان پێکرا بەڵکو ئاکامی ئەوانەیە.

بەڵام بەنیسبەت تیرۆری نێودەوڵەتییەوە پێویستی بەپابەندبوون بەبڕیارە نێودەوڵەتییەکانەو هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا هەیە بۆ بەرگرتن (دەست بەسەراگرتنی) تیرۆر. رێکخراوی نەتەوەیە یەکگرتووەکان هەڵدەستێ بەپشتگیری کردن‌و هاوکاری ئەو دەوڵەتانەی هەڵدەستن بەئەرکی جەنگ دژی تیرۆری نێودەوڵەتی.

لەکۆتاییدا دڵنیم تیرۆر وەك ئامرازێك لەئامرازەکانی فشاری سیاسی دەمێنێتەوەو ناکرێ (ناتوانرێ) دەستی بەسەردا بگیرێ، بەڵام دەکرێ پەراوێز بخرێن‌و لاواز بکرێن، ئەوەش بەچارەسەرکردنی فاکتەرەکانی دروستبوونی بەدانایی‌و دانبەخۆداگرتن.

ئارەزوویەکی جیهانی هەیە بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ دەستبەسەراگرتنی تیرۆر لەبەر ئەوەی بۆ دروستکردنی بزووتنەوە نیشتمانیەکان پێویستە سیاسەتی نا توندوتیژ پەیرەو بکرێت لەمەیدانخوازیدا لەگەڵ حکومەت‌و داواکردنی مافەکانیدا. لەسەر حکومەتە دادپەروەری‌و رۆشنبیری نا توندوتیژ بڵاوبکاتەوەو ئەگەر ئارەزوو ناکات کە ببێتە ئامانجی تیرۆریستەکان یاخود دادگای دادی نێودەوڵەتی.

# ململانێی نێوان نەوە رۆشنبیریەکان لای ئێمە چۆن هەڵدەسەنگێندرێت؟

سەفەر عەلی

دیاردەی ململانێی کۆمەڵایەتی‌و ململانێ‌و رکابەرایەتی لەنێوان نەوەکان دیاردەیەکی دروستەو کۆمەڵگە لەنەستی‌و دۆگمایی بەدور دەگرێت، ئەو ململانێیە لە نێو بوارە هەمە چەشنەکاندا بەدی دەکرێت، هەرچەندە لەکۆمەڵگە داخراوو دواکەوتوەکاندا بواری ئەم ململانێیەو جێ گۆڕکێیە زۆر بەرتەسکەو تەنانەت جاری وەهایە بەیەکجاری کپ دەبێتەوە، ساڵانێکە لەبوارەکانی ئەدەب‌و رۆشنبیری‌و هزرو مەعریفەدا بۆتە مەیدانێکی گەرمی ئەو ململانێیەو لەهەر ماوەیەکی زەمەنیدا کۆمەڵێك کەس دێت‌و هەوڵ دەدەن جێگەی بەئەوانەی پێش خۆیان لەق بکەن، ئەگەر ئەو ململانێیە لەسەر بنەمایەکی پتەوو هەبوونی ئەڵتەرناتیڤی تازە بێت ئەوەدەکرێت بەسروشتی لەقەڵەم بدەین‌و دەبێتە هۆی ئەوەی کە رێچکەکانی کایەی رۆشنبیری بگۆڕێت‌و ژیانی رۆشنبیری بەرگێکی دیکەی بگرێتە بەر، بێگومان ململانێ لەنێو نێوەندی ئەدەب‌و رۆشنبیری‌و مەعریفەو نێوەندی ئەکادیمیدا، هەرچۆنێك بێت پەیوەندی بەململانێی نێوان دیدو بۆ چوون‌و کەلتورو جیهانبینیە لێك جیاوازەکانە، بەڵام ئەوەی پێی دەگوترێت ململانێ ئەوەیە کە لەسەربنەمای عەقڵ‌و زانست‌و بابەتیانە بێت‌و کەس کەس رەتنەکاتەوەو هی دوێنێ دان بەهی ئەمڕۆ بەیانی دابنێت. هی ئەمڕۆش دان بەهی دوێنێ‌و ئەمڕۆو بەیانیدا بنێت‌و ململانێیەکان نەکەونە قالبی میزاجی‌و شەخسی‌و حاڵەتەکانی هەڵچوون‌و حاڵەتەکانی نا ئومێدی‌و رەشبینی.

گومان لەوەدا نیە کەوا هەر کۆمەڵگەیەك بەدەستی چەندین نەخۆشی‌و نالەبارییەوە دەناڵێنێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کۆمەڵگەیە لەمێژوویەکی پڕ لە توندو تیژی‌و ترس‌و دڵە ڕاوکێ‌و دواکەوتن‌و هەژارییەوە تێپەڕیبێت‌و لە کەلەپوری ئازادی‌و دیموکراتیەت‌و زمانی گفتوگۆوە دور خرابێت‌و ساڵانێك خرابێتە ژێر کەلەپوری زەبرو زەنگ‌و خۆسەپاندن‌و پێشێل کردن، ئەمڕۆکەش سایکۆلۆژیەت‌و بیر کردنەوەی ئێمە تەنانەت رۆشنبیران‌و ئەدیبان بەجۆرێك لەناو هەستیاندا ئەو کەلتورە ماوەتەوە، بەڵام هەوڵی دەرباز بوون دەدات لەدەستی، بێگومان بوژانەوەی رۆشنبیری پرۆسەیەکی هێندە ئاسان نیە زەمەنێکی زۆری دەوێت‌و زۆر هەل‌و مەرج‌و بنەمای کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابوری‌و پەروەردەیی پێویستە، کەلەپوری هەر میللەتێك رەگ‌و ریشەی مێژوویی هەیەو چەندین ساڵە بەسەر یەکدا کەڵەکە بووە، ئێمەش وەك بەشێك لەپێکهاتەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەدوور نەبوینە لەو هەموو کارەسات‌و نالەباری‌و لایەنە دزێوەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بۆیە بیرکردنەوەو تێڕوانین‌و هەڵس‌و کەوت‌و تێڕوانینمان بۆ ژیان‌و مرۆڤ‌و دەوروبەرمان پەیوەندی بەکۆمەڵێك مەسەلەی خودی‌و بابەتی هەیە، ئێمە کاتێك کەوتینە قۆناغی ئازادیەوە دووجەمسەری لەدونیادا نەما گۆڕانکاری گەورە لەدونیا هاتە ئاراوە ئەوانە هەمووی بۆ ئێمەی رۆشنبیری کورد حاڵەتی ئاسایی نەبوو، پاشان رزگاربوون لەبنەماو چوارچێوە ژەنگ گرتوو تەقلیدیەکانی ژیان‌و بیرکردنەوە کارێکی ئاسان نیە ئەگەر هەر پرۆژەیەك، یاخود خەونێکی رۆشنبیریت هەبێت ئەوا زەمینەیەکی دەوێت بۆ ئەوەی لەسەریدا بنیاتی نەبێ ئەگەر زەمینەو ژێرخان شلۆق‌و پەککەوتوو بوو ئەوا بیرکردنەوەی شلۆق‌و پەککەوتووی لێدێتە بەرهەم، ئێمەی کورد تائێستاش فۆبیاو ترس‌و نیگەرانی رابردوو لەخەیاڵماندا دەرنەچووە، تا ئێستاش زۆر لەدیاردەکانی رابردوو زۆر لەو هۆکارانەی کە دەبوونە دوا کەوتویی کۆمەڵگەی کوردەواری لەلاماندا ماوە ئەو دڵە ڕاوکێ‌و نیگەرانیە لەدەقە رۆشنبیری‌و ئەدەبیەکاندا دیارە، لەچۆنیەتی‌و مامەڵەو گفتوگۆو سایکۆلۆژیەی ژیانی رۆژانەماندا دیارە لە دامەزراوو دەزگا ئەدەبی‌و رۆشنبیری‌و راگەیاندنەکانماندا دیارە، ئەم قۆناغەی ئەمڕۆی ژیانی رامیاری‌و ئیداری‌و رۆشنبیری گەلەکەمان زۆر مومەیەزە لەگەڵ قۆناغەکانی تر حاڵەتێکی ترەو دونیایەکی ترە، بۆیە پرۆژەو بیرکردنەوەو تێڕوانین‌و بەرهەم‌و دەقی تری دەوێت، ئەمە جگەلەوەی ئەمە سەردەمێکی ترەو چیتر کەس ناتوانێ هەربەخەیاڵی سەردەمانی تر بژین‌و لەگرێیەکانی رابردوو خۆی دەربازبکات‌و بتوانێ لەگەڵ زمان‌و پێداویستی ئەم سەردەمەدا گفتو گۆبکات‌و ئامادەیی تێدابێت بۆ هاوشان بوون.